گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە لە عەرەفاتدا ووتاری دەدا (دەیفەرموو): هەرکەسێک نەعلی دەستنەکەوت؛ ئەوا با خوف لە پێ بکات، وهەرکەسێک ئیزاری دەستنکەوت ئەوا با شەڕواڵ لە پێ بکات -مەبەستی ئەو حاجیانە بوو کە موحریمن لە حەجدا

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە لە عەرەفاتدا ووتاری دەدا (دەیفەرموو): هەرکەسێک نەعلی دەستنەکەوت؛ ئەوا با خوف* لە پێ بکات، وهەرکەسێک ئیزاری** دەستنکەوت ئەوا با شەڕواڵ^ لە پێ بکات -مەبەستی ئەو حاجیانە بوو کە موحریمن لە حەجدا-». *(خوف: وەکو گۆڕەوی وایە بەڵام لە پێست دروستکراوە)، **(ئیزار: جلێکە لە یەک پارچەیە وەکو -خاولی ودزداشە- وایە بەڵام لە ناوک بەرەو خوارەوە لەبەر دەکرێت)، ^(شەڕواڵ: مەبەست ئەو جلانەیە کە هەردوو پێیەکان دەچێتە نێویانەوە ودووراوەتەوە وەکو پانتۆڵ وبێجامە وشەڕواڵ)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ڕۆژی عەرەفەدا وتاری بۆ خەڵکی دەدا لە عەرەفاتدا، ڕێگەی دا بەو کەسەی کە نەعلی دەستناکەوێت؛ خوف* لە پێ بکات، وباسی ئەوەی نەکرد کە دەبێت خوفەکە لە خوارەوەی گوێزنگەکانەوە بپردرێن، وهەروەها ڕێگەی دا بە لەبەرکردنی شەرواڵ** بۆ هەرکەسێک ئیزاری^ دەستنکەوت، ومەرجی ئەوە دانەنا کە دەبێت بکرێتە یەک پارچە، ئەمیش وەکو ئاسانکاریەک لەسەر مسوڵمانان لە لایەن خودای دانا وحەکیمەوە -سبحانە وتعالى-. *(خوف: وەکو گۆڕەوی وایە بەڵام لە پێست دروستکراوە)، **(شەڕواڵ: مەبەست ئەو جلانەیە کە هەردوو پێیەکان دەچێتە نێویانەوە ودووراوەتەوە وەکو پانتۆڵ وبێجامە وشەڕواڵ)، ^(ئیزار: جلێکە لە یەک پارچەیە وەکو -خاولی ودزداشە- وایە بەڵام لە ناوک بەرەو خوارەوە لەبەر دەکرێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4532